جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم: ئایەتوڵڵا سەید محەمەد باقر حەکیم هاوڕێیەکی دێرینی سەرۆك مام جەلال و دۆستێکی نزیکی گەلی کورد بوو

جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم رایدەگەیەنێت، ئایەتوڵڵا سەید محەمەد باقر حەکیم هاوڕێیەکی دێرینی سەرۆك مام جەلال و دۆستێکی نزیکی گەلی کورد بوو لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی رژێمی بەعسدا، وەك نەریتی بنەماڵەی بەڕێزی حەکیم تێگەیشتنێکی قووڵیشی بۆ مافەکانی گەلی کورد و گرنگیی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی نێوان هەردوو پێکهاتەی کورد و شیعە هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەر زوو کرایە ئامانج و نەژیا تا لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانی خەون و پرۆژەکانی عێراقی نوێ درێژە پێبدات.

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم رایگەیاند، ئایەتوڵڵا سەید محەمەد باقر حەکیم هاوڕێیەکی دێرینی سەرۆك مام جەلال و دۆستێکی نزیکی گەلی کوردبوو لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس، وەك نەریتی بنەماڵەی بەڕێزی حەکیم تێگەیشتنێکی قووڵیشی بۆ مافەکانی گەلی کورد و گرنگیی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی نێوان هەردوو پێکهاتەی کورد و شیعە هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەر زوو کردیانە ئامانج و نەژیا تا لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانی خەون و پرۆژەکانی عێراقی نوێ درێژە پێبدات.

راشیگەیاند،“ ئەو گرژی و لێکتێنەگەیشتنانەی بەم دواییانە لە عێراق لە نێوان هەرێم و ناوەند سەریانهەڵدا بەشێکی هۆکارەکەی ماڵئاوایی کەسانی وەك سەید محەمەد باقر و سەید عەبدولعەزیزی برای و سەرۆك تاڵەبانی بوو کە لە ئاستێکی بەرزی هەماهەنگی و لێکگەیشتندا مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و مێژووی درێژی خەبات و ئازارەکانی سەردەمی دیکتاتۆرییەتیان لە عێراق لەبەرچاو دەگرت“.

ئاماژەی بە ئەوەشکرد، لە ئێستادا کە ساڵرۆژی شەهیدبوونی ئەم کۆمەڵکوژییەی بنەماڵەی بەڕێزی حەکیم دەکەینەوە، لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ ڕێباز و ڕۆحییەتی کاری پێکەوەیی هەردوو خوالێخۆشبوو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، نەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆرێك لە کێشەکانی دیکەی عێراقیش.